
# گـەنجان چـ
# شـانـۆی کـ

ئا: بەهرە سلێق

## گەنجانی ئەکادیمی هەموویان هونەرمەند نین

مامۆستا و هونەرمەندی گەورە ئیبراهیم حەکیم پێی وایە(شانۆکاری گەنج هەن هاتینە ناو بواری شانۆ بە روحێکی زۆر ئەکادیمیەوە و بە تەکنۆلۆژیایەکی جوان کار دەکەن، بەڵام هیواداریین ئەوانیش وەك ئەوانی تری پێش خۆیان لەخۆبایی نەبن، لێیان رادەبینم بتوانن خزمەت بەهونەری شانۆی کوردی بکەن هیواداریشم کە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ و بەڕێوەبرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر رێگریان نەبن و ئاسانکاریان بۆ بکەن بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن خزمەت بەهونەری شانۆی کوردی بکەن و لەو قەیرانەی رزگار بکەن، ئەمانە بیری نوێ و تەکنۆلۆژیای خۆیان هەیە بەڵام چونکە ئەوانەی ئەکادیمین هەموویان نەبوونەتە هونەرمەند هەیانە زۆر بە توانان لەرووی پراکتیکی بەمەرجێك رێگریان نەکەن، پێویستە حکومەتی هەرێم لەرووی ماددی و مەعنەوی پشتگیریان بکات، چونکە


ئیبراهیم حەکیم

ئەوانە دەتوانن خزمەت بە هونەری کوردی بکەن،بەداخەوە ئەوەی دەیبینم ئەوەیە وەزارەتی رۆشنبیری ئەو گەنجە داهێنەرانەی کە هەیە نەیتوانیوە خزمەتیان بکات و بوودجەی باشیان بۆ دابین بکات و کۆسپ و تەگەرەیان بۆ نەهێڵێ، ئەگەر هونەرمەندێك داهێنەر نەبێ ئەوا مسۆگەر بازرگان نییە، هەر کارێك سیاسەت و هونەری بازرگانی کەوتە ناوی ئەوا باش نابێت، هیوادارم وەزارەتی رۆشنبیری پشتیان تێ نەکات.

## پەلەکردنیان پێوە دیارەو دەیانەوێ رابردووی خۆیان بسڕنەوە

هەر سەبارەت بەم باسە گرنگە هیوا سوعاد بەڕێوەبەری هونەری شانۆ دەڵێت: ئەو گەنجانەی کە ئێستا کار دەکەن بێگومان دوو شتیان پێوە دیارە و هەستیان پێدەکرێت،یەکەمیان ئەوەیە پەلەکردن دووەمیش»هەوڵ دەدەن پێشی خۆیان بسڕنەوە بە جۆرێك دەتوانین بڵێین سڕینەوەك لە ئارادایە لەلایەن ئەو هونەرمەندە گەنجانەوە، پێویستە ئەو گەنجانە کە کار دەکەن سەرەتا بەدوای پێناسەیەکی روون و ئاشکرای شانۆییدا بگەڕێن لەپاڵ ئەوەشدا ئەو توانا و بەهرەیەی کە هەیانە بۆ کاری باش بۆ چالاکی شانۆیی و خزمەت کردن بە شانۆی کوردی بخەنە گەڕ، ئەگەر بڵێین ئەو گەنجانە دەتوانن گۆڕانکاری بکەن بەڵێ دەتوانن، بەڵام سەر لەنوێ دامەزراندنەوەی شانۆیی کوردی و دروست کردنەوەی ئەوەیان دروشمێکی گەورەیە و ناکرێ، شانۆی کوردی بزاڤێکە هەیە، بەڵام بێگومان دەتوانن گۆڕانکاری تێدا بکەن هەموو گۆڕانکاریەك لەدەست نەوەی نوێ و لەپاڵ هەبوونی ئەزموونێکی زۆردا دەبێت، ئەوان ئەگەر زیاتر باوەریان بەبەهرە و توانای خۆیان هەبێت، بەڵام بە زیاتر بەدواداچوونی شانۆی کوردی و قوڵ بوونەوە لە هونەری شانۆدا دەتوانن کاری باش پێشکەش بکەن ئەو کارە باشانەش تێکڕای دەبێتە مایەی گۆڕانکاری دروستکردن لە شانۆ، لەوانەیە گەنجانێك هەبن


هیوا سوعاد

بڵێن ئێمە گۆڕانکاری دەکەین، بەڵام مەرج نییە هەموو گۆڕانکاریەکیش ببێتە هۆی پێشکەوتن، بزووتنەوەی شانۆ هەمیشە لە ئەزموون دایەو هونەرمەندیش کارەکانی وەك ئەزموونێك تەواوکەری یەکتر دەبێ، یەك پێشبرکێی ئەوەی تر بکات، لەتێکرایی ئەزمونەکان دەتوانن شتی باشترو نوێتر پێشکەش بکەن، لێرەدا پێویستە گروپێکی زۆر باش و بەتوانا بۆ بواری شانۆ هەڵبژێردرێت تاکو بتوانن لە سیناریۆ و پێشکەشکردن و هەموو بوارەکانی شانۆ سەرکەوتوو بن»

## گەنجانی شانۆکار ناتوانن بەتەنیا شانۆگەری کوردی دابمەزرێننەوە

مامۆستا عەلی ئەحمەد کە تەمەنێکی زۆری خۆی لە خزمەت کردنی هونەری کوردی بەسەر بردووە بە راشکاوی دەڵێت»نەخێر ناکرێ



# ...ۆن پەرە بە ...وردی دەدەن؟

گەنجەکان ئەزموونی هونەرمەندانی پێش خۆیان بسڕنەوە، چونکە ئەو مێژوویەی ئێمە نزیکەی ٣٠ ساڵە هەیە و دوژمنی پێ دڵگران بووە، هونەرمەندانی ئەو کاتی پێشمەرگە بوون گەنجانی ئێستا ناتوانن ئەو مێژووە دووبارە بکەنەوە بەڵکو پێویستە دەست لەناو دەستی خاوەن ئەزموونەکان بنێن، ئەوانیش دەتوانن شت دروست بکەن و ئێمەش دەتوانین سوود لەهێزو توانای ئەوان وەربگرین، چونکە بەتەنیا ئیش ناکرێ و دەبێ هەردوولا شان بەشانی یەکتر ئیش بکەین، هیچ شتێك بێ بناغە نابێ لەبەر ئەوە کارێکی نارەوایە ئەوانەی مێژوویان تۆمار کردووەو ماندووبونیان کێشایەو کاری چاکیان کردووە ناکرێ ئەمرۆ قەلەمێکی بەسەر دابێنن و بیانەوێ تازەگەری بکەن، چونکە دەکەونە بەردەم بەرپرسیاریەتی مێژوو».

**لەگشت قۆناغەکانی شانۆی کوردی گەنج فاکتەری سەرەکین**


مامۆستا یاسین بەرزنجی دەڵێت: بەڵێ گەنجان

**گەنجەکانمان خۆیان نازانن چییان دەوێت و چی دەکەن**

هونەرمەند بە توانا و لێهاتوو خاتوو نەرمین کاوانی دەڵێ: من یەکێکم لە وانەی کە عاشقی شانۆم و هەتا بێت زیاتر و زیاتر خۆشم دەوێت، بەڵام بە داخەوەم کە دەڵێم زۆر زۆر ڕەشبینم بە رەوشی شانۆ لێرە و لەوێ کاری شانۆیی دەکرێت، بەڵام زۆر کاڵ و کرچن و جێی دڵخۆشی نین بە داخەوە لە ئێستادا ئەگەر وا بڕوات بە هیچ شێوەیەك چاوەڕێی قۆناغی بەرەو پێش چوون و سەردەمی زێڕین ناکەم .

کارەکان تەنها بۆ بە سەربردنی کات و حەزێکی کاتین لە لای هونەرمەندەکە و هیچی تر، ناتوانین بڵێین کاری جددی و زۆر هونەری و زۆر ناوازەن، چونکە گەنجەکانمان خۆیان نازانن چییان دەوێت و چی دەکەن لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان پڕ نەکردووە بە چەکی زانیاری و ئەکادیمی تایبەت بە بوارەکە بۆیە کارەکان


عەلی ئەحمەد


نەرمین کاوانی

دەتوانن ئە کارە بکەن، چونکە ئەوان فاکتەری سەرەکین بۆ کاراکردنی بزاڤە شانۆییەکان، لە ئێستادا شانۆییە کوردی تووشی قەیران بووە جارێکی تر گەنجان دەتوانن ببنەوە هۆکاری بەدەرخستنی شانۆیەکەیان، دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکەن کێبرکێی زۆر لەبەرامبەر ئەوانە هەیە لەلایەن دراما بیانیەکان پێویستە ئەوان گرووپێکی زۆر چاك هەڵبژێرن بۆ سەر شانۆ و ڕەچاوکردنی لایەنی هونەری و بەرجەستەکردنی کارە شانۆییەکان و تێکستیان و ڕەفتاریان لەسەر شانۆ و هەموو کەرەستە شانۆییە پێشکەوتووەکان بەکار بێنن، هەڵبەتە دەتوانن کارێکی وا بکەن کە بتوانن ئەو مێژووە ببوژێننەوە، بۆیە بە دڵنیاییەوە گەنجانن لەناو ئەو مەیدانەدا کار دەکەن لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەندانی پێشوو دەوری خۆیان هەیە بەپێی ئەو ئەزموونەی هەیانە».



کاڵ و کرچ دەبن.

لەلایەکی تریشەوە شانۆ نەبۆتە خەمێك و نەبووەتە عیشق و پێویستی لە لایان، بۆیە ناتوانن لەم قەیرانە وا بە ئاسانی تێبپەڕێنن و ڕزگاری بکەن زۆر بە داخەوە دەڵێم «من ڕەشبینم».

١ یان ٢ کار لە ساڵێکدا دەبینی کە جێگای دڵخۆشی بێت، بەڵام ئەوەش زۆر کەمە و ناتوانین بڵێین کار و هەوڵی زۆر باشن لێرەشدا بەس گەنج ناتوانێت ئەمە بکات بە ڕاستی پێویستی بە پاڵپشتی حکومەت و لایەنی بەرپرسە پاشان کادری ئەکادیمی زۆر باش لە بوارە جیاجیاکاندا لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە ماددە واتا بودجەی تەواو بۆ کاری هونەری زۆر پێویستە و کۆڵەکەی کاری هونەرییە.

هەر لێرەوە ئومێد دەکەم شانۆ لەو قەیرانە بێتە دەرەوە و ببێتەوە پێویستی ڕۆژانە بۆ خەڵك و منیش جارێکی تر بچمەوە سەر شانۆ و لەوێوە هاوارەکانم بکەم.


# سەلما لەسەر بەزمەکەی خۆیبەردەوامە

سـەلما حایکـی خانمـە ئەکتـەری مەکسـیکی دوای ئـەوەی ژیانـی هاوسـەری پێکهێنا و بوو بە دایك، تا رادەیـەك لە جیهانی هونـەر و نواندن دوورکەوتەوە، بەڵام ناوە بەناوە لە شوێنە گشـتییەکان دەردەکەوێت و دەبێتەهۆی راکێشانی سەرنجی جەماوەر.

بەر لە ماوەیەك سەلما لەگەڵ هاوسەرە فەرەنسییەکەی لە شـاری ڤینیسیای ئیتاڵی بەشێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش و زۆر لـەو کاتـە دەچوو کە بەر لە سێ ساڵ سەردانی هەمان شـوێنیان کرد و جلوبەرگی ئەو کاتی بووە هۆی راکێشـانی سەرنجی ئامادەبـووان و دەزگاکانی راگەیاندن بە جلوبەرگەکانی کە جلەکانی نیمچە رووت بوون و بۆ ماوەی چەند رۆژێك هەواڵی یەکەمی رۆژنامـە و گۆڤارەکان بوو، پێدەچێت سـەلما زۆر گوێ بەوە نەدات کە ئێسـتا دایك و هاوسـەری بیزنسـمانێکی فەرەنسـی بەناوبانگـە، بۆیە هـەر بەردەوامە لـە دەرکەوتنی بەو شـێوەی خـۆی دەیەوێت و نیشـاندانی جوانـی خۆی و راکێشانی سەرنجی میدیاکان.



# میل گیبسۆن جولەکەکان ئاشت دەکاتەوە



هەر کاتێك باس لە پێوەندی سـارد و سڕی نێوان میل گیبسـۆن و جولەکە دەکرێت راسـتەوخۆ خەیاڵمان بۆ فیلمی (ئازارەکانی مەسیح) دەچێت کە میل گیبسۆن لەم فیلمـەدا بەدژایەتـی کردنی جولەکـە تاوانبار دەکرێت.

بەڵام لەناکاو گیبسـۆن بڕیاریدا کـە فیلمێك بەرهەم بهێنێت دەربارەی بەناوبانگترین کەسایەتی و پاڵەوانەکانی جولەکە کە خەباتی کردووە لەپێناو ئازادی، لەم بارەیەوە گیبسـۆن سەرسـامی خۆی دەربڕی بـە چیرۆکی یەهودا مەکابی کە بە یەکێك لە پاڵەوانەکانی جولەکە دادەنرێت بە درێژایی مێژووییان، گیبسـۆن دەربارەی ئەم فیلمە رایگەیاند: نامەوێ هیچ کەسێك وا تێبگات کە ئەم فیلمە وەك داوای لێبوردنە بەرامبەر بە فیلمی (ئازارەکانی مەسیح) لەم بارەیەوە چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە میل گیبسـۆن بە مالپەڕی (تی.ئار. زێد) یان راگەیاند کە گیبسـۆن پێیوایە پێویسـت ناکات ناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ جولەکە بەم شێوازە کۆتایی پێبێنێ، چونکە خـۆی بڕوای بەوە نییە ناکۆکییەکی لەم جۆرە هەبێت و بەهیچ شێوەیەك دژی جولەکە نییە، بەڵگەش بۆ ئـەوە یەکێك لە پارێزەرانی و بەڕێوەبەری ریکلامی فیلمەکانی جولەکەن.

# منداڵەکانی ئەنجلینا سیسرکە خۆرن

کچـە ئەکتـەری بەناوبانـگ و باڵیۆزی نیازپاکی، ئەنجلینا جۆلی رایگەیاند کەوا بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدات سیسرکە نەچنە نێو خانووەکەیەوە لەبەر منداڵەکانی.

جولی هۆکاری ئەمەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئێسـتا منداڵەکانی فێر بوون سیسـرکە دەخۆن، چونکـە دوای ئەوەی لـە دوایین سـەردانیان لە کەمبۆدیـا گەڕانەوە فێری سیسـرکە خواردن بـوون، ئەنجلینـا زیاتر دەڵێ: منداڵەکانم ئێسـتا سیسـرکە لە هەر شـتێکی دیکە زیاتر دەخۆن و بۆتە خواردنە سەرەکییەکانیان، من نەمدەویست لە شتێکیان بێبەش بکەم کە بەشـێکە لە کەلتوریان بۆیە خۆیشم بۆم کڕین و ئەوانیش وەك چۆن پەتاتە دەخۆن ئاوا خواردیانن، بـەڵام لەبەر ئەوەی زۆریان خوارد ترسام نەوەك تووشی نەخۆشی بن بۆیە چیتـر رێگام پێیان نـەدا بیخۆن، شایەنی گوتنە یەکێك لە کوڕەکانی ئەنجلینا بەناوی «مادۆمکش» کـە تەبەنی کراوە کەمبۆدییە.



# شیلان حەز لە جلوبەرگی کوردی دەکات



**شیلان عوسمان یەکێکە لەکچە دەنگخۆشەکانی شاری سلێمانی کە خاوەن دەنگ و ئەدایەکی زۆر خۆشە، تا ئێستا خاوەنی چەندین گۆرانی وبەرهەمی هونەرییە و ژمارەیەکی زۆر لە گۆرانییەکانیشی بڵاوکراونەتەوە و یەکێکە لە ئەندامانی کۆراڵی کیژانی سلێمانی، لە پێوەندییەکیدا بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە:**

***تاچەند لەگەڵ جل و بەرگی کوردی هاوڕێی ؟**

- ئەوەی راستی بێت من زۆر حەز بەجلی کوردی دەکەم و زۆریش لەگەڵی هاوڕێم بەتایبەت لەبۆنەکاندا، بەڵام ئەگەر بەڕای من بوایە هەمیشە تەنانەت لەبازاڕ و دەوامیش جلی کوردیم لەبەردەکرد.

*** ئەی لە مکیاژکردنا چۆنی ؟**

- مکیاژکردن بەپێی حەدی خۆی حەزم لێیەتی، زۆر جار کەدەچم بۆ بازاڕ ئەو کاتە مکیاژی تایبەت بە بازاڕ بەکاردەهێنم تەنانەت لەجلو بەرگیش بۆبازار جلی تایبەتی خۆم هەیە کە لەبەری دەکەم، هەروەها بۆ شوێنەکانی تریش بەپێی شوێنەکە مکیاژ دەکەم، بەڵام لەگەڵ مکیاژی زۆر نیم واتە مکیاژی تۆخ .

*** ئێستا زیویش بۆتە مۆدەیەك تۆ زیاتر حەز لە زێڕ دەکەی یان زیو؟**

- بە لای منەوە هیچ جیاوازی نییە چ زێڕ بێت یان زیو، چونکە هەردووکیان جوانی تایبەتی بە ئافرەت دەبەخشن، بەڵام ئەوەی زیاتر کە سوودی لێوەردەگرم زیوە، دیارە بۆ هەر کامیشیان واتە بۆ زێڕ و زیو بەپێی کاتەکان دەگۆڕێت شوێن هەیە دەبێت لە زیو سوود وەربگری، شوێنیش هەیە وا باشترە لە زێڕ سوود وەربگری.



ژمارە (٨٤٧) ■ ٢٠١١/٩/١٩

## دێرین عومەر:

# کار کردن پێوەرە بۆ ئافرەت نەک جوانی



دێرین عومەر کچە ئەکتەرێکی سەرکەوتووی بواری شانۆ و درامایە لە شاری سلێمانی و شوێن پەنجەی دیار بووە لەو کارانەی تێیدا رۆڵی بینیوە چ لە زنجیرەی (گەردەلول) یان کارە شانۆییەکانی تر کە رۆڵی هەبووە، لە پێوەندییەکدا دەربارەی ئەوەی ئایا راستە دەگوترێت ژنانی سلێمانی پێشەنگی درامای کوردین ئەمە تاچەند ڕاستە ؟

دێرین دەڵێت: لەسلێمانی زیاتر کاری هونەری لەبواری شانۆ دراما پێشکەوتنێکی باشی بەخۆوە بینیوە بە جۆرێك وای لێهاتووە ئەو ڕووگرژییە نەماوە بەرامبەر بەکاری هونەری چ کچ بێت یان کور، بەسینگێکی فراوانەوە بەرەو کاری هونەری دەچن، هەروەها کۆمەڵگا و جیاوازی دابونەریتی ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تریش دەورێکی سەرەکی بینیوە لەوەی کە ئافرەتانی سلێمانی زیاتر کاری هونەری بکەن و لە دراما و شانۆییەکاندا دەربکەون.

لە لایەکی دیکەوە و سەبارەت بە جوانی تاچەند گرینگە بۆهونەرمەندی ئافرەت بەتایبەتی لەبواری نواندن دێرین دەڵێ:

بەڕای من کەسایەتی ئەو ئافرەتە خۆی رۆڵی سەرەکی دەبینێت، ئەگەر کەسەکە پێویستی بەکەسایەتییەکی جوان بوو دەبێت کەسێکی جوان دابنرێت، بەڵام نەك کەسەکە جوان بێت لەکاتێکدا ڕۆڵەکە جوان نەگێڕێت ئەوکاتە هونەرمەندەکە لەبەر چاوی بینەر زۆر ناشیرین دەردەکەوێت، بە پێچەوانەوە هەشە کەسەکە لە روخساردا ناشرینە، بەڵام دەورەکە زۆر بە جوان دەبینێت، ئەوا لەپێش چاوی هەموو کەس بەجوانی دەردەکەوێت.

# گۆران:
# خۆشحاڵم کە لە کوردستان ڕێگا لە کاری هونەری ناگیرێ

**گۆران لاوێکی کوردی نیشتەجێی وڵاتی بەریتانیایە و قوتابی زانکۆی ئەکادیمیای موزیکی ئەو وڵاتە و کوڕی هونەرمەند "بورهان موفتی زادە" یە کە لەگەڵ چەندین هونەرمەندی کوردی پارچەکانی کوردستان کاری کردووە، گۆران ئێستا خەریکی کار کردنە لەگەڵ خانمە هونەرمەندی ناوداری جیهانی ســیلین دیۆن و چەند ڕۆژێکە بە سەردان گەڕاوەتەوە کوردستان، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد.**

*** ئەو گرووپە موزیکە کێن و چۆن کاریان لەگەڵ دەکەی؟**

-ماوەی زیاتر لە ١٠ ســاڵە من بەتەنیا وەك هونەرمەندێکی کورد کار دەکەم لەگەڵ کۆمپانیایەك کــە تایبەتە بە ئاهەنگ گێڕانی هونەری تەلەفزیۆن و هونەرمەندانی تر.

***وەك کوردێك توانیوتە شــوێنی پەنجەی خۆت لەو کۆمپانیایە بکەیتەوە کە زۆربەی کارەکانیان نوێن؟**

- بەڵێ تا ڕادەیەك توانیومە ئەمە بکەم، چونکە من لە خانەوادەیەکدا پەروەردە بووم کە مۆسیقای کوردی کاریگەری تەواوی لەسەر هەبووە لە هەردوو بواری تێکست و مۆسیقادا.

***ئەی بورهان موفتی زادە تا چەند کاریگەری بەسەرتەوە هەبووە؟**

- شانســی ئەوەم هەیە باوکم ئاوازەکانی بۆدروســت کردوومە نەك تەنیا بۆم بژەنێ، باوکم لای هەموو خەڵك بەوە ناسراوە کە ئاوازەکان تەواو بکا و ئەوانیش بەکاری بهێنن، بەڵام من لە منداڵییەوە بەدیارییەوە دانیشتووم و بینیومە چۆن دروســتیان دەکا و وشەکانی لەکوێ دادەنێ، بە گشتی ئەو هونەرە لەباوکمەوە فێربووم

***جگە لە هونەرمەندە بەناوبانگەکانی جیهانی، لەگەڵ هونەرمەندە کوردییەکان ئاشنایەتیت چۆن بووە؟**

-زۆر حەز دەکەم لەگەڵ هونەرمەندانی کورد کار بکەم لە کوردستان، هیوادارم بێمەوە کوردســتان و زیاتر لەسەر میوزیکی کوردی کار بکەم بۆ ئەوەی بتوانم لە ئاییندە زیاتر خزمەت بەو هونەرە بکەم، تا ئێستاش لەگەڵ چۆپی و شەهێن تاڵەبانی و تارا ڕەسوڵ کارم کردووە، لەهەوڵی ئەوەش دام هونەرمەندی کوردی ببەمە کۆلێژی میوزیکی ئەمەریکی و ئەفریقی، ئەگەر ســەیری ئەم کۆلێژە بکەی زۆر هونەرمەندی ناودار هەیە لە ئەمەریکای باشوور و ئەفریقیا دێت، بۆ هونەرمەندی کوردیشــی لێ نەبێ بۆ ئــەوەی هونەرەکەمان لە دنیا زیاتر بناسرێت، هیوادارم بتوانم ئەو کارە بکەم.

*** ئەو گرووپەی لەرێگەی تۆ یان بۆ خۆیان ئاشنایەتیان بە هونەری کوردی هەبووە؟**

- کاتێــك من گوتــم کوردم ئــەوان لێکۆڵینەوەی زۆریان کردبوو لەســەر کوردستان، منیش دەربارەی کەلتورو مێژووی کوردستان زۆر شتم نەدەزانی ئەوە بۆ ئەوان گرنگ بوو تاکو بزانن من لەکوێوە هاتووم، ئەوان ئاشنایەتییان نەبووە، بەڵام ئێستا زانیارییان هەیە نەك هەر لە هونەری بەڵکو لە سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویش.

*** وەك گەنجێــك لەگــەڵ ئەو گرووپە هەوڵتان نــەدا بتوانن کاری کوردی زیاتر بکەن؟**

- لەزووەوە دەزانم لە کوردســتان پشتگیری لە هونەرمەندان و کاری هونەری دەکرێ بۆپێشخستنی هونەر، ئێســتا هونەرمەندێکم و هونەرەکەم گەیشتۆتە ئاستی ستاندارد و کۆنتاکی زۆرم هەیە و ئەگەر پرۆژەیەکی هونەری کوردی هەبێ دەتوانم ئەنجامی بدەم

***هەوڵت نەداوە هونەرمەندی کوردی لە گرووپەکەتان کار بکات ؟**

- هەوڵم داوە و ئێســتا لە ســەرەتای هەوڵەکانم دام کە بریتییە لە هاتنەوەم بۆ کوردستان.

*** هیچ هونەرمەندێك دەست نیشان کراوە بۆ ئەم کارە؟**

- بەڵێ هونەرمەندمان دەستنشیانکردووە، بەڵام لە ئێستاوە ناویان ناهێنم تاکو کارەکە بە یەکجاری یەك لا دەبێتەو نەوەك دواتر نەگەینە هیچ ئەنجامێك.

*** لە گروپەکەتان زیاتر چ شێوازو ستایلێکی میوزیکی پەیڕەو دەکرێت؟**

-کارەکەم جیاوازە ئەگەر بۆخۆم کاربکەم ستایلی خۆم کلاسیکییە و تا ڕادەیەك حیجازیــە، ئیتــر لە هەموو ســتایلێك کارم کردووە لە پــۆپ و حیجازی و کلاسیك، گرووپەکە میوزیك نییە گرووپی بزنس میوزیکە، میوزیکەکە هێمنە بەپێی ئەو ســتایلەی ئیشــی لێ دەکەم ئەوان گرووپەکەم بۆ دەدۆزنەوە، بۆ نموونە ئەگەر بمەوێ کاری کلاســیك بکەم ئەوا بە ئۆرکسترای کلاسیك کار دەکەم یان عەرەبی بێ بەهەمان شێوە، ئێستا پرۆژەیەکم هەیە گۆرانییەکی زۆر جوان و لە ستایلی عەرەبییە پەنا بە خوا دوو مانگی تر تەواو دەبێت.

***وەك ئاماژەت پێدا بە نیازی لەگەڵ بیۆنســی کار بکەیت و لەگەڵ سیلین دیون کارت کردووە، بەڵام نیازی ئەوەت نییە لە فیستیڤاڵی جیهانی بەشداری بکەی؟**

- لە فیســتڤاڵی بی بی ســی کە گەورەترین ڤیســتڤاڵی ئەورووپایە داوایان لێکــردووم کەئاوازێکیــان بۆ بنووســم دوای ئەویــش لە چەند ڤیســتڤاڵێکی تر لە ئینگلتەرا و فەرەنسادا بەشداریم کردووە، لەبەرازیلیشدا ئەم ساڵ لە مانگی ئادار بەشداریم لە چەند فیستیڤاڵێکدا کرد و بڕیار وایە لە ماوەی داهاتووشــدا بەشداری بکەمەوە لە پێشبڕکێی خزین لەســەر ئاو کە ســاڵانە زیاتر لە ١٥ هەزار کەس تێیدا بەشدارن.

ئەوەی زیاتر دڵخۆشــی کردم و لەم ســەردانەمدا ئەوەیە کە کاری هونەری بە هیچ شێوەیەك ڕێگای لێناگیرێت.



## ڤیان مایی:

# سینەما وەک چەکێکی بەرگری کردنە لە نەتەوە

**دوای سـەرکەوتنی فیلمی (کەڤوکا سـپی) لە دەرهێنانی خاتوو ڤیان مایی  کە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا، ڤیان مایی خۆی فیلمێکی تری بەرهەمهێنا کە ناوەڕۆکی فیلمەکە لە داسـتانی ناو گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردی بە ناوی خورشـیدی چاو بەخاڵ وەرگیراوە و هونەرمەندی گۆرانیبێژی دەنگخۆشـی باکووری کوردسـتان (دیار دەرسـیم) ڕۆڵێکی سەرەکی تێدا دەبینێ، ڤیان مایی لە پێوەندییەکدا بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گولانی دایەوە.**

*** ماوەیەکە دووری لە سینەما و دابڕانت پێوە دیارە ؟**

- من لە سـینەما دور نیم و دوور نابم، بەڵام وەکو ژن دەور دراوم ..هەرچەندە سـاڵی پار لە فیسـتڤاڵی لەندەن بۆ فیلمی کوردی تاکە فیلمی خاوەن خەڵات لە باشـووری کوردسـتان فیلمی من بوو، کە لە نووسین و دەرهێنانی خۆم و لەسەر خەرجی خۆم و بە هاوکاری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەرهەمهاتبوو.

بەشـێوەیەکی گشتی لایەنی باشی ئێستای سـینەمای کوردی ئەوەیە کە ئێمە بووینەتە خاوەن فیلمی باش و لە فیستیڤاڵە سینەماییە ناوخۆیی و جیهانیەکان ڕۆڵی خۆمان بینیوە، بەڵام نارەزایی و گلەیی ئێمە لە نەبوونی سیستمێکی گونجاوە بۆ سینەما.

*** سینەمای کوردی ئێستا لە چ ئاستێکدایە؟**

- نەتـەوەی کورد هەردەم شـانازی بە کارەکانـی خۆی دەکات، ئێدی سـینەماش وەکو دەسـتکەوتێکی نەتەوەییە، ئەوەیان شتێکی بەرچاوە و تا ئێستا چەندین فیلمی لێهاتوو بەرهەمهاتووە و لە ڕێگای فیلمەوە ئێمە توانیومانە مێژوو و وڵات و زمان و کەلتووری خۆمان نیشـانی جیهان بدەین، بۆیە گرنگە ئێمـە بزانین کە کامیرا وەك چەکێکە، مرۆڤ بەکاری دەهێنێ بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی بکات، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر بە باشی بەکار نەهێنرێت ئەوا مرۆڤ دەتوانێت خۆی پێبکوژێت.

*** بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی دەوروبەر سینەمای کوردی هەنگاوی زۆری ناوە، بەڵام چ تێبینییەکتان لەسەری هەیە؟**

- راستە بە بەراورد لەگەل هەندێك لە گەلانی ناوچەکە کە سەدان ساڵە خاوەن دەوڵەتن کورد توانیویەتی سـینەمای خۆی پێش بخات، بەڵام لە هەرێمی کوردستان نەبوونی هۆڵی سینەما کەموکوڕییەکی گەورەیە.

*** بەر لە ماوەیەك خەریکی فیلمی (خورشـیدێ چاڤ ب خال) بووی، چارەنووسی فیلمەکەت بەچی گەیشت؟**

- چیرۆکی (خورشـیدێ چاڤ ب خال) فلمێکە ماوەکەی ٨٠ خولەکە پارێزگای دهۆك سپۆنسـەری فیلمەکەیە، بەڵام نەبوونـی هۆڵی سـینەما گرفتێکی گەورەیـە و ڕێگرە لەبەردەم ئەوەی بینـەر بیبینێت بۆیە ئێمە هەوڵ دەدەین بە هەر شێوەیەك بێت نیشانی بدەین.

*** فیستیڤاڵە سینەماییە کوردییەکان چ شتێکیان خستۆتە سەر سینەمای کوردی؟**

- هەڵبەت بـە ڕێـگا فیسـتیڤاڵەکانەوە فیلمەکانمان بڵاوکراونەتەوە و بینەریش ئاشنایان بووە، لە هەمان کاتدا ئێمەش ئاشنای فیلمسازە جیهانییەکان بووین.

***داخسـتنی بەڕێوەبەرایەتی گشـتی سینەما چۆن دەبینی.**

- مـن هەر لە سـەرەتاوە پێشـنیازی بوونـی دەزگا یان ئەنیستیتۆیەکی فیلمم کرد نەك بەڕێوەبەرایەتی و زۆر جار بەشێوەی نووسین پێشکەشی وەزارەتم کردووە، بەڵام وەڵامیان نەبووە. ئێستاش ئێمە وەکو بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەما لە دهۆك پرۆژەیەکمان بە ناوی ( پلانی نوێ ) پێشـکەش کردووەکە تایبەتە بـە چۆنییەتی بەڕێوەبردنی سـینەما لە کوردستان، چونکە سـینەما تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و پێویستە ئەم تایبەتمەندێتیە لەبەر چاو بگیرێ.

